

عەباس عەبدوڵا یووسف

# ئاو

**دایکم... جوانترە**

سان جۆن پێرس

**دڵ پیر نابێ... چاو تێر نابێ**
**لە جوانی هەتا پیری... لە پیری کێوە؟**

پەندی کوردی

پێشکێش بە "کلارا" بێت
ڕۆژانی ونبوونی داهاتوو

## سەر = جیهان

**تۆ**
**وردە گوڵت لە قەراغی برۆنزینەوە نەچنیوە**
**دەنە؟!**
**تۆش لە قووڵایی بوڕکانی ساردوسڕ و بنی دەریا**
**لووتکەی درەختدا**
**هیچت نەهێنا بە دیاری**
**بۆ من**

دەنە؟!
مەکینەیەک بەدرێژاییی ڕۆژگاری زیندوو بریندارم دەکات
لقی دڕکێ لە شاری وشکەڵانەوە بێنن
بۆمی بهێنن
تا لە دڵما بیچێنم
دەربێنن
شمشێرەکانی کۆنە- نوێ قەڵاکان
با بریقیان چاوم کوێر بکات
ئەوکات
پێم خۆشە ئەم باوەش گرتنە، ئەم خۆشییە ژەهراوییە
چ دەکەیت
(ئێستاکە) چ دەکەیت
دەپێم بڵێی
وەک (چ دەکەم)
بیر دەکەیتەوە؟
بیر دەکەمەوە.
دەنە؟!
چیت دەوێ؟!
چیم دەوێ؟!

## جوانەکان لە هەموو جێگەیەکدا هەن

لە گوند... شەقام... ئاخوڕ
کۆڵان و ئاژاوەدا
جوانەکان
وەک ئاسمان
بەرەو رووتا دێن
ئاخ...
چەند بێعاری ئەی چاوی سینەماییم
ئا...

ئەوەتا ئێوە دەبنە مێوانی
گلێنە و دەروون و دەرۆن
دڵم بکەن بە دوو شەق
شەقێ رەشە. نەخۆشە
درۆزنە. بۆشە
ئەوی تری
گریانە. بۆ ئەو چاوە جوانە
باشە.
چی بە ئەو بڵێم
تەماشای ئاوێنە مەکە:
تۆ ڕووناکتری
تەماشای ئەو با نەکەم
وا لە نێو خۆما دەژی
چۆن تەماشات کەم
ئەی (خۆم)؟!

**شتی بێ دوورایی**

بیابانی ئاو
بیابانی بەفر
بیابانی قوم
بیابانی یاد
هەمووی هەر هیچ
لە دیواری بیرەوەری مەدە
واز لە خەستەخانە بێنە
وێنە لیچم
دەرخوارد دەدا،
ئەم جیهانە کاول بابە
منم
مسافری بەرەو کوێ

خۆم و دەنگم بەرز دەبینەوە
تا نەخنکێین
لە بورجەکانی شار و بۆڕی دووکەڵ و ئاستایی خاک
بەرزترم
بەرزترم
گەورەترم، درۆیە
ئاخ...
دەبایە مرۆڤ بفڕێت
درەختیش
بە هەوەسی خۆی بڕوات
مردنیش بمرێت
منیش کە بڕۆم
بەرەو جیکۆر
ئافرەتێک ببینم و ببێ بە دایکم
وا دەڕۆم بەرەو
دەریاچەی بێ ئاو
کاولن
هیچن
دەستی خاوم
کەوانی ڕاوم
چش.
بیابان بەبن گوێما دەچرپێنێ
چش ش ش ش
قەرمجی گەراجی ئۆتۆمبیلان
دەرۆزەکەرانی چاخانان
یا من دەمرم
یا ئەو
لە دواییدا
درەخت گەڵاڕێژییەتی
هیچ نامینێ لە پاش مەرگم

**کۆلاژ**
وایان بڵاو کردەوە
وایان وت
کەوا لە هەرێمی ئێمەدا
شاعیرێک. تەمبەڵێک
لە هەموو قۆناخەکانی خەم و ستەم
یاخی بوو
ئافرەتێکی جلشۆر لە ماڵی ماما لە بەرتیشکی
پێویستی ستراتیجیەتدا.
شەقامەکانی پەرەسەندنی لە ژێر دارسنۆبەرێکا لەسێدارە دا
ئێوە دەڵێن چیی؟
هیچت زانیوە دەربارەی:
هێڵی شکاوی چاوی. وتن و گوتن و تووتن
دەربارەی:
دەنگوباسی کۆمەڵ
لە ژێر ئالآی مندالآن
پێویستە
ماجد و نەجات
جەستەی مەسەلەکە بدڕن
با گەشتێ بکەم بۆ
کیشوەری مێروو
توانیم– توانی ببێ بەبرادەری ئەو
پیرۆزە
برووسکە و گەواڵە
کۆلآن.
مامز (پلکە مامز خوشکی بەجیسییە)
مۆرکی گشتی

## سـووتان

سپارتاکۆس خۆی لە نێو
ئەلف و بێم شاردۆتەوە
ئەلف و بێم خۆی لە نێو دڵما شاردۆتەوە
دڵم لە نێو جەستەم
کەلە دینامیتێک بەسە بۆ
رووخاندنی ئەپارتمانی سەر شەقامی جەنگەڵی ئەفریقیا
خۆشم دەوێی ئەی خاوەن رووە دراماتیکییەکە
دەتۆش وەرە
خۆم و سپارتاکۆس و ئەلف و بێ و جەستەم
بسووتێنە. بسووتێنە

## دایە... دایە

دێی
لە رۆژگاری بەدوای یەکا یا بەدوای یەکا- نییە، دێی
دێی
هەفتەی جارێک دێیت
رۆژێ جارێک دێیت
مانگێ جارێک دێیت
رووی
هەڵقورتێنەرت
لەسەر پەڕی کتێب و گۆڤار
لەسەر ڕوومەتی ئافرەتاندا
دیارە. دەیبینم
دێی
دێت دەنگی هەڵقورتێنەرت
لە ناو دەنگی ئەوانی تر
لە ناو وتەی تایبەتی

حەقايەتی تايبەتی
بەبن گوێما
لە خەوما لەگەڵ ڕۆیشتنما
دێ
دێ
دێ
بەڵام ئیتر نایێ کە دەمرم
کە دەمرم
کە دەمرم
قوتار دەبم
ئێستا سێ شت هەیە ١- دەبایە منت نەبووایە
٢- من بتم کوشتبایە
٣- أ- بتکوشتبامایە
ب- پێکەوە بمردباینە
پێکەنە
دەگریم
بڕۆ
رادەوەستم
خۆی لە گەرووما شین بوو
گەرووت وەک ئاو دەڵێ:
سەبری دەڵێ من وا ناکەم
جلی کوردی لەبەر ناکەم
خوێنم بەتاڵ کەم
ئێسقانم بسووتێنم تا گۆرانییەکانی
یەخەم بەردات
دایە... دایە
دێی
دێی

هەر دێی
دەڕۆم دەڕۆم
هەر دەڕۆم
دەگەینە یەک
وەک ئاسمان و خاک

## گیرۆدەیی

لەبەر چاومن
لەپاش چاومن
بەرەو سەرم دێن
وەک ئەسپەکانی مەغۆڵ
بەتووڕی گیانمەوە دەنووسین
دێن
گیرۆدەیانم
دەستم، پێم. بۆ پاشەوە
رادەکێشن
وەک کاروانی مێرووان، ڕاستە و ڕاست
دەڕۆن دەڕۆم
ئەی مێرووی قەلەندەر فڕوفێڵ نازانی؟
راوەستە من فێڵبازم
جەستەم پڕی مزە
مزی ئیستاتیک هێرش دێنێ بۆ رووی رووەکی
رووەک هەموو کاتێ سەرهەڵدەدات و دەمرێت
مزی میتافیزیک لە دەوروبەری بازنەی رەوشتدا وەستاوە.
تۆش راوەستە
ئیدی ئیش مەکە
ئەوان- غار دەدەن- تۆ دەیخۆی
گەر ئیمپراتۆر بای ئەمانەت دەست دەکەوت
١- ژوورێکی فێنک

٢- پەری
٣- خواردەمەنی لە سفرەی تام تەعامی حەقایەتی دایکتەوە
گەر ئیمپراتۆر بامە:
هەموو ئەو مێروانەم دەکوشت کە بیرم دەکولێننەوە
شتە پیسەکانم ڕاو دەنا کە ڕاوم دەنێن
ئەوسا
نایێن
لە ترسی نەخۆشی و کوژران
رزگار دەبم

## گەرمایی

سەعات دووی پاش نیوەڕۆیە
نە گوڵی ژاڵە
نە باڵندە
نە پیاو
دیلی ئەم هەتاوە سوتێنەرە نین
هەر بەگێلی دەڕۆن و دەڕۆن
کپ نابن
ببیتە پەلکێ لە چڵێکدا
باشترە لەوەی ببێ بە مرۆڤ
ببێتە بیابان
باشترە لەوەی ببی بە مرۆڤ
لەم هاوینە هەتاوینە
گەر ببی بەهەتاو
دەها باشتر
خەمت لەبەر دەڕواو
ژیانیش هەروا دەبێ

* لەم سەرچاوەیە گواستراوەتەوە: عەباس عەبدوڵا یووسف، ئا، کۆمەڵە شیعر، چاپخانەی شیمال، کەرکووک، ساڵی ١٩٧٤.